پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت

لە وەرادەوە نووسەری موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت: موغیرەی کوڕی شوعبە پێمی ووت کە پەیامێک بنوسم بۆ موعاویە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت: «(لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە اللە کە تەنها وتاکە وبێ هاوتایە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو مولْکێک ئەو خاوەندارێەتی وهەموو حەمد وسوپاسکردنێک تەنها بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک تواناداڕە، خودایە ؛ هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە ونەیبەخشیت، خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت).»

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە اللە کە تەنها وتاکە وبێ هاوتایە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو مولْکێک ئەو خاوەندارێەتی وهەموو حەمد وسوپاسکردنێک تەنها بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک تواناداڕە، خودایە ؛ هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بەخشێت ئەگەر تۆ بیگرێتەوە ونەیبەخشیت، خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت) : واتا دان دەنێم بە وشەی تەوحید -یەك خوا پەرستی- ئەویش (لا إله إلا الله) یە، بەندایەتی وپەرستن بەهەق تەنها دەبێت بۆ الله بێت، ونکۆڵی دەکەم بۆ هیچ یەکێك بەندایەتی وپەرستن بکرێت جگە لە الله، بۆیە هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە الله، ودان دەنێم بەوەی بەتەواوی هەموو شتێك مولْکی الله یە وئەو خاوەنی هەموو شتێکە، وهەموو حەمد وستایشێك دەووترێت لەئاسمانەکان وزەویدا ؛ تەنها شایستەیە بۆ الله بێت، ئەو لەسەر کردنی هەموو شتێك تواناداڕە، وئەوەی قەدەری خودایە لە بەخشین یان نەبەخشین ؛ ڕەتدانەوەی نییە، و لەلای ئەو زاتە ؛ دەوڵەمەند دەوڵەمەندیەکەی سوودی بۆی نابێت بەڵکو تەنها کردەوەی چاك سوودی هەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65102